کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:31 8-2-2007

# بارزانی نەبوایە هەڵەبجە بەدەردی سەردەمی سەدام دەچوو ... حەمە سەعید شارەزووری



جیا لەوەی هەڵەبجە شارێکی ئازیزی کوردستان بووە، جیا لەوەی هەڵەبجە مۆرێکی رەشە بە نێوچاوانی دیکتاتۆرو فاشییەتدا، نەك تەنها بۆ ئەمرۆوسبەی، جیا لەوەی هەڵەبجە روو بەرووی ئەو هەموو کیمیا باران و ماڵوێرانییە بۆتەوە، بەڵکو لە بەرئەوەش هەڵەبجە هەمیشە پێشرەوی بیری نویو کاری رۆشنگەری بووە، هەمیشە هەڵەبجە لە خزمەتکردنی گەلەکەیدا مێژوویەکی هەبووە کە ئەمرۆش ئێمە شانازی پێوە دەکەین. هەڵەبجە شاری ئەحمەد بەگی موختار جاف بووە، هەڵەبجە شوێنی هاتنە دونیای کۆمەڵێك، شاعیرو نووسەرو هونەرمەندی بەرزو دیار بووە،

هەر ئەوانەش بوون رژێمی گۆڕ بە گۆڕیان تۆقاندو تا دواتر ئەو رژێمە گۆڕ بە گۆڕە هار بوو ئیتر ئەو شارەی لە مەرگ نغرۆ کرد. نەیانزانی بەم کارە پیسەیان هەڵەبجە ئەوەندەی تر شکۆفە دەکاو گوڵ دەردەکات.

دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان، سەرۆك بارزانی زوو بە زوویی سەردانی ئەو دەڤەرەی کردو لە نزیکەوە ئەو خەڵکە داماوەی بینی کە چۆن لە هەموو شێوە ژیانێکی ئاسایی بی بەشن و لە دوای راپەرینەوەش هیچ کارێکی خزمەتگوزاری نەگەیشتۆتە ئەو شارە، وەك ئەوەی دەسەلاتدارانی ئەو شارەش چ بە بزووتنەوەی ئیسلامی چ بە یەکێتی نیشتمانی ویستوویانە تۆڵە لەم شارە بکەنەوە!! ئاخر هەموو خەڵکی ئاسایی دەزانی شارەوانی سلێمانی چ ئیمکانیاتێکی لەبەردەستدابووە بۆ کاری خزمەتگوزاری، کەچی سەیرە بەرپرسێکی یەکێتی رۆژێك ورتەی لێوە نەهات بڵی ئەی هەڵەبجە؟، بڵی بۆچی ناتانەوی خزمەت بە خەڵکی هەڵەبجە بکەن، ئەم خۆگێل کردنەی شارەوانی سلێمانی و پارێزگاری سلێمانی و سەرانی یەکێتی، وای کرد ئەوەنەی تر رق و قینە بخاتە دڵی بریندارای خەڵکی هەڵەبجە، هەر ئەم رق و قینەش بوو وای لەو خەڵکە دڵ بریندارە، گیان بریندارە، کرد کە ناچار بێ بچێ تەنانەت سیمبول و شکۆی خۆیان ئاگر تێبەردەن، ئەو سیمبولەی نیشانەیەك بوو بۆ بۆ دایکیان، بۆ باوکیان، بۆ خێزانیان، بۆ براو خوشك و کەس و کاریان، کەچی سەرەتا یەکێتی و تەنانەت رۆژنامە دروزنانەکانی وەك و هاولاتیو ئاوێنە و.. بە فیتی یەکێتی دەیانوت ئەم راپەرینە دەستی دوژمنانی تێکەوتووە، ئەبی بیاندۆزینەوەو.. تا کۆمەڵێك خەڵکی بێ گوناهیان گرت و خستوویانە ژێر ئەشکەنجەوە، کۆمەڵێك خەڵکی تر لە ترسی راودوونان و گرتن روویان کردبووە شاخەکانەوە، ئەوەبوو پاداشتی کاربەدەست و نا بەرپرسەکان بۆ خەڵکی هەڵەبجەی شەهید.

سەیرەکە لەوەدابوو لەلایەك خەڵکەکە رۆژانە بانگەوازی دەداو دەیوت سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی فریامان بکەوێت، چونکە یەکێتی خەریکە خەلاسمان دەکات،لە لایەکی تریشەوە یەکێتی داوایان لە سەرۆك بارزانی دەکرد کە زوو فریایان بکەوێت چونکە چارەسەر لەدەست خۆیان دەرچووە، یەکێتی ئەمەی لە ترشی بوو نەك لە خۆشی، وای دەزانی گلاسی ژەهرە فری دەکات، بەلام چاری نەبوو بارزانی نەبوایە یەکێتی لەو هەڵەبجەیە شاربەدەر دەکراو هەڵەبجەش جارێکی تر لە ناو خەلتانی خوێن دا دەنرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام بارزانی زانی خەڵکی هەڵەبجە لە دەسەڵاتی یەکێتی زۆر تووڕەن و ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئاقارێکی خراپ دەچن، بۆیە زوو بە زوویی گەیشتە هەڵەبجەو نەك هەر دۆخەکەی نۆرماڵ کردەوە بەڵکو بەڵێن و بڕیاری باشی پێدان بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەڵەبجە، بەڵام دیارە هەموو بڕیارو بەڵێنێك بەرنامە و کات و نەخشەو پلان و.. هتدی دەوی بۆ جێبەجێکردنی، کەچی یەکێتی و ڕۆژنامە بەناو ئەهلییەکانی کە لەژێر بودجەو دەسەڵاتی نەوشێروان دەردەچن، کەوتنە قسەو قسەلۆکی نابەجێ گوایا بارزانی وەعدی بە خەڵکی هەڵەبجە داوەو هیچیشی جێبەجێ نەکرد، بەڵی ئەمە پاداشتەکە بوو بۆ بارزانی، ئەم قسەو قسەلۆکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو یەکێتی وایدەزانی لەم کاتە دژوارەدا کە هەرتاکێکی خەڵکی هەڵەبجە داخ لە دڵی دەباری، بۆیە ئەگەر پێغەمبەریش زیندوو ببێتەوە و بچێتە هەڵەبجە خەڵکەکە ڕوو بەڕووی دەبنەوە، بۆیە یەکێتی داوایەکەی لە ناچاری بوو وەك وتم گڵاسی ژەهر بوو دەینۆشی، بەڵام دڵی خۆیشی بەوە خۆش کردبوو کە سەرۆك بارزانی دەچێتە هەڵەبجە، خەڵکەکە ئەوەنەی تر ڕق و تووڕەییان لی دەبارێ، بەڵام وا نەبوو کە بارزانی چووە هەڵەبجەو لەگەڵ خەڵکەکە کۆ بووەوە، هەموو خەڵکەکە ستایشی بارزانی دەکردو بە سەرۆکی خۆیانیان دانا، ئیتر ئەمە یەکێتی هارکرد و هەموو پێوەرەکانی یەکێتی لینگەوقووچ کرد.

سەیرکەن ئەم هەفتەیە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی ژێردەسەڵاتی یەکێتی دەرچوون، بە تایبەت هاوڵاتی و ئاوێنە، گوایا ئەهلین (کە ئەهلی نین) نوقفەیەکیان لێوە نەهاتووە، سەبارەت بەو (14) چواردە ملیۆن دۆلارەی کە سەرۆك بارزانی بۆ کاری خزمەتگوزاری هەڵەبجەی تەرخان کردووە، ئەمەیە بێ لایەنی؟؟!! ئەمەیە کوردایەتی و ئینتیمای هاووڵاتی بوون؟؟!!ئەمەیە پیشەی ڕۆژنامەگەریی؟؟!! ئەمەیە خۆشەویستی بۆ هەڵەبجە؟؟!! بەسیەتی بەر لە هەمووو کەسێك خەڵکی هەڵەبجە هوشیارن و ئەو سەردەمە بەسەرچوو خەڵك تەفرە بدەن، مەحوی گەورە وتەنی شوکر هوشیارە مەحوی تێدەگات دونیا خەراباتە ... ... ... ... ... ..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.